# ساڵی نوێ

ئەحمەد تازەدێیی -سوید

شیعر بۆ منداڵان

ئەوا دیسان ساڵی نوێ
هاتەوە ئەی بەخێر بێ
پرشنگی تازەی ژیان
دەگەشێ تەوە بۆ مان
ئێمەش لە بۆ پێشوازی
دەکەین بە خۆشی و شادی
بە ئاهەنگ چەپلە ڕێزان
پیرۆز دەکەین لە هەمووان
ئەوسا گشت دەست لە ناو دەست
بە یەك بڕواو یەك مەبەست
دەڕۆین بەرەو سەرکەوتن
بێ وەستان و نەسرەوتن
هەتا دەگەین بە ئاوات
ڕاناوەستین لە خەبات
خەباتی زانست هونەر
باخی هیوا دێتە بەر
دەبێت بە بەرنامەمان
بۆ دەوڵەتی کوردستان